ص: 115-124 **المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية**
المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

# مێژووی زارەکی؛ یادەوەری کۆمەڵیی و مێژووی پەراوێزخراوەکان

کامەران محمد قادر

بەشی مێژوو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، عێراق

Email: Kamaran.qadir@univsul.edu.iq

**پوخته:**

مێژووی زارەکی بوارێکی توێژینەوە و میتۆدێکە بۆ کۆکردنەوە، پاراستن و ڕاڤەکردنی دەنگ و یادەوەری ئەو کەس و کۆمەڵانەی لە ڕوداوەکانی ڕابردوودا بەشدارییان کردووە. هاوکات کۆنترین جۆری توێژینەوەی مێژووییە و پێش مێژووی نووسراو کەوتووە، لەگەڵ ئەوەشدا بە تازەترین جۆری توێژینەوە دادەنرێت، چونکە هەر لە چلەکانی سەدەی بیستەمەوە هەستا بەبەکارهێنانی ئامێری تۆمارکردن. لەم توێژینەوەیەدا باس لە پەرەسەندنی مێژوویی مێژووی زارەکی کراوە و هەوڵدراوە ڕۆڵی یادەوەریی کۆمەڵیی مرۆڤە پەراوێزخراوەکانی کۆمەڵگە لە دروستکردنی مێژوودا ئاشکرابکرێت. هاوکات هەڵوێستە لەسەر ئەوە کراوە کە ئەو مێژووە وەک بەرهەڵستکار و دژێکی مێژووی نووسراو خۆی نمایشکردووە و هەوڵی گۆڕینی بنەڕەتیی (ڕۆڵ) و (واتا)ی مێژووی داوە، واتە مێژوویەکی توندی هەڵچوو بووە، کە (زارەکی) کردووەتە بەرهەڵستکاری (نووسراو). ئەو ئەرکەشی لە میانەی بەدیموکراتیکردنی مێژوودا ئەنجامداوە، واتە لە میانەی گەڕاندنەوەی بۆ گەل، لێرەوە ئەگەر مێژووی نووسراو گوزارشتکردن بێت لە ژیان، دەستکەوت و پاڵەوانێتی پاشا و سەرکردەکان، ئەوا مێژووی زارەکی مێژوویەکی کۆمەڵایەتییە، بەو واتایەی خەڵکی خۆیان دوانگەیەکیان بۆ گوزارشتکردن دەبێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئەم مێژووە مێژووی چینە بێدەنگەکانی کۆمەڵگەیە.

**کلیلە وشەکان:** مێژووی زارەکی، مێژووی نووسراو، یادەوەری کۆمەڵیی، پەراوێزخراوەکان

**الملخص:**

التاريخ الشفوي هو مجال بحث و منهج لجمع وحماية ونقل أصوات الأشخاص والمجتمعات التي شاركت في الأحداث الماضية. ثم، هو أقدم نوع من الأبحاث التاريخية التي تقدمت على التاريخ المكتوب، ويعتبر أحدث نوع من الأبحاث، لأنه تم استخدام أجهزة التسجيل في الأربعينيات القرن العشرين.

في هذا البحث، تمت مناقشة التطور التاريخي للتاريخ الشفوي وبيان دور الذاكرة الجماعية للناس المهمشين. ثم، تم التأكيد على أن هذا التاريخ قد أظهر نفسه على أنه معارضة للتاريخ المكتوب، وحاول تغيير أساسيات (دور) و(معنى) التاريخ ، مما جعل (الشفهي) ضد ( المكتوب). إن المهمة التي قامت بها هو إضفاء الطابع الديمقراطي على التاريخ،أي تعني العودة إلى الشعب، من هنا إذا كان التاريخ المكتوب تعبيرا عن الحياة والإنجازات وبطولة الملوك والقادة، فإن التاريخ الشفوي هو التاريخ الاجتماعي، الذي يعني أن شعوبهم سيكون لديهم منبر نهائي للتعبير، وهذا يعني أن هذا التاريخ هو تاريخ الطبقات الصامتة للمجتمع. في النهاية ، تم توضيح أن (التاريخ المكتوب) و (التاريخ الشفوي) يمكن أن يكشف الحقائق التاريخية معا.

**كلمات المفتاحية:** تاريخ الشفوي، تاريخ المكتوب، الذاكرة الجماعية، المهمشون

**Abstract:**

The oral history is a field of research and a method for collecting, protecting, and transmitting the vote and remembering those people and communities who participated in the past events. At the same time, it is the oldest type of historical research that has been written before history, and it is considered the latest type of research, because it has been using recording devices in the 1940s.

In this research, the historical development of the oral history has been discussed and the role of memory has been tried. At the same time, it has been emphasized that this history has shown itself as


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.6
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

an opposition to written history and has tried to change the basics of the role and the meaning of history, this means harsh history, which made the (oral) against (written). The task it has done in the middle of democratizing history means that returning to the people, here if the written history is an expression of life and achievements and the championship of the kings and leaders, that is the oral history is the social history, which means that their people will have a deadline for expression, and this means that this history is the history of the silent classes of society.

**Keywords:** Oral history, Written history, Community Memory, Marginalized.

**پێشەکی:**

**گرنگی توێژینەوەکە:**

ماوەیەکی دوورودرێژ مێژووی نووسراو (تاک، ڕوداو، سیاسەت)، بە تاکە مێژوویەکی ڕاستەقینە دادەنرا، واتە مێژوو لە بنەڕەتدا هەوڵی دەرخستنی کەسایەتییە مەزنەکانی وەک (پاشا و سەرکردە و خەلیفە و کۆشک و ..تاد) و ڕووداوە سیاسییەکانی وەک (جەنگ و سیاسەتە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان و شۆڕش و ..تاد) دەدا. بەڵام مرۆڤەکانی تر و خەڵکانی ئاسایی لە پەراوێزدا مابوونەوە و لەو مێژووەدا ڕەنگ و دەنگێکیان نەبوو، وەک ئەوەی لە بنەڕەتدا بوونێکیان نەبووبێت یان سەرباری مێژووبووبێتن!

لێرەوە پەی بە گرنگی مێژووی زارەکی دەبەین، کاتێک هات و بووە دەنگ و ڕەنگ و مێژووی ئەوانەی کە مێژوویەکییان نەبوو. ئەو بە پێچەوانەی مێژووی نووسراوەوە (تەواوی مرۆڤەکان و ژیانی ڕۆژانە و تەواوی کایەکانی ژیان) ی کردە بابەتی مێژوو. ئەمە لەکاتێکدا بووە دوانگەیەک بۆ خستنەڕووی ئەوانەی کە شوێنێکیان نەبوو، تا بتوانن لێوەی گوزارشت لە خۆیان بکەن.

هاوکات مێژووی زارەکی چییە؟ چۆن لە پێشخستنی نووسینی مێژوویدا پشکداریی دەکات؟ دواتر گەواهیدانی زارەکی چۆن دەتوانێت مێژوو بەگشتی و مێژووی پەراوێزخراوەکان بەتایبەتی دروست بکات؟ هەروەها چۆن ئەم مێژووە یادەوەریی کۆمەڵیی فەرامۆشکراو دەپارێزێت و لە کۆتاییشدا ئایا مێژووی زارەکی جێگرەوەی مێژووی نووسراوە؟ یان تەواوکەرییەتی؟ ئەمانە گرنگتری ئەو پرسانەن کە سەربەنی توێژینەوەکە پێکدەهێنن.

**ناوەرۆکی توێژینەوەکە:**

لە میانەی چەند تەوەرەیەکی سەرەکییەوە لە (یادەوەری کۆمەڵیی و مێژووی پەراوێزخراوەکان لە مێژووی زارەکییدا) دواوین، گرنگترین تەوەرەکانیش بریتین لە : (جۆری یەکەمی مێژوو، مێژووی مێژووی زارەکی، یادەوەریی کۆمەڵیی، پەراوێزخراوەکان، ئاڵنگارییەکی نوێ، مێژوویەکی بەرهەڵستکار، تەواوکاریی نەک دابڕان).

**میتۆدی توێژینەوەکە :**

ئەو میتۆدەی لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتووە، میتۆدی شیکارییە، واتە بەوردی چەمک و پرسیارە گرنگەکانی توێژینەوەکە خراوەتە بەر باس و شیکردنەوەوە.

**سەرچاوەکانی توێژینەوەکە :**

کۆمەڵە سەرچاوەیەکی بنەڕەتی تایبەتمەند ڕۆڵییان لە گەڵاڵەکردنی ئەم توێژینەوەیەدا گێڕا، وەک: (مجموعة مؤلفين، التاريخ الشفوى (مقاربات فى الحقل الاجتماعى- الأنثروبولوجى) و (بول ريكور: الذاكرة، التاريخ، النسيان) و (عبدالله العروى: مفهوم التاريخ) و (قيس ماضى فرو: المعرفة التاريخية فى الغرب مقاربات فلسفية وعلمية وأدبية).

هیوادارم ئەم توێژینەوەیە بتوانێت ڕاژەیەک پێشکەش بە مێژووناسیی لە کوردستاندا بکات و یارمەتیدەری کردنەوەی ئاسۆیەکی نوێی توێژینەوە مێژووییەکان بێت.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.6
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**چەمکی مێژووی زارەکی:**

مێژووی زارەکی نووسینەوەی مێژووە، لە بنەڕەتدا پشت بەسەرچاوە زارەکیی و بەزۆریی تاکێتییەکان دەبەستێت، گەواهیدەر دەکاتە خاوەن وتە، بەڵام متمانەیەکی بێ مەرجی پێنابەخشێت(السبتی،٢٠١٥)! واتە بەشێوەیەکی بنەڕەتیی پشت بە (یادەوەری) و (قسەی وتراو) دەبەستێت(اللیل،٢٠١٤، ٢٤٦).

بۆ ماوەیەکی دووردرێژ مێژوونووسان گومانی ئەوەیان دەبرد، کە مێژووی نووسراو جیامەندییەکی تایبەتی هەیە، بەڵام ئاگاداری ئەوە نەبوون کە زۆرینەی ئەو مێژووە گێڕانەوەی زارەکی بوون و لە کاتێکی دیاریکراودا تۆمارکرابوون، ئەوان پەییان بەوە نەبردبوو کە وشە گەواهیدەرێکە لەنێو گەواهیدانەکاندا و مرۆڤی قسەکەر لە بێژە و وتەکانیدا چەندەها بەڵگە لەسەر رابردووی خۆی هەڵدەگرێت، ئەوان دەرکیان بەوە نەکردبوو کە مێژوو لە گوزارشتە زارەکییە بیستراوەکانیدا دەوڵەمەندتر و زۆرترە لە شێوە نووسراو و خوێندراوەکەی(العروی، بەبێ ساڵی چاپ، ١٠٨).

مێژووی زارەکی بریتییە لە تۆمارکردنی یادەوەری و ئەزموونی مرۆڤەکان لە ڕابردوویەکی نزیکدا. جان ڤانیسینا ( Jan Vancina) پێیوایە مێژووی زارەکی میتۆدێکی توێژینەوەیە لەمیانەی وشەی گوتراوی پارێزراو لە یادەوەریدا و گواستراوە بەشێوەیەکی زارەکی، گرنگی بە توێژینەوەی ڕابردوو دەدات، ئەمەش دوو بوار دەگرێتەوە، ئەوانیش بریتیین لە:

**یەکەم: کەلەپووری زارەکی:** واتە توێژینەوەی ڕابردووی دوور لەمیانەی ئەو گێردراوە زارەکییە باوانەی لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکرودا هەیە، کە بەشێوەی زارەکی لەنێوان چەند نەوەیەکدا یاخود بەلایەنی کەمەوە لەنێو نەوەیەکدا دەگوازرێتەوە.

**دووەم: مێژووی ژیان:** بریتییە لە توێژینەوەی مێژووی نزیک لەمیانەی گێڕانەوەی زارەکیی و گەواهیدەرەکانەوە. واتە گێڕانەوەی خەڵکی دەربارەی ڕووداوەکان و شارەزاییەکانیان و تەواوی ئەو شتانەی لە ژیانیاندا بینیویانە، بەتایبەت ئەو ڕوداوانەی کە بەشدارییان تێدا کردووە یان هەر هیچ نەبێت تێیدا گەواهیدەر بوون(علقم ٢٠١٢).

مێژووی زارەکی پانتاییەکی توێژینەوەی نوێیە و بۆ نێو بازنەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان دەگەڕێتەوە، هاوکات لقێکی زانستییە و بەشێوەیەکی گشتیی دەچێتە نێو خانەی (مێژوو)ەوە(اللیل،٢٠١٤،٢٤٤).

(جۆن برینس) وادەبینێت کە مێژووی زارەکی ئەو مێژووە نووسراوەیە بە بەڵگەی کەسانێکی زیندووەوە، نەک بەهۆی بەڵگەنامەیەکی نووسراوەوە(اللیل،٢٠١٤،٢٤٥)، واتە مێژووی کۆکردنەوەیەکی ڕێکخراوی گەواهیدانی ئەو کەسانەیە، کە لە ژیاندا ماون بە پشتبەستن بە شارەزایەتییەکانیان. هەروەها (پۆل تومسۆن) لە کتێبەکەیدا ( دەنگی ڕابردوو: مێژووی زارەکی) پێیوایە مێژووی زارەکی جۆری یەکەمی مێژووە(اللیل،٢٠١٤، ٢٤٦).

**مێژووی مێژووی زارەکی:**

مێژوو لە سەرەتاکانیدا پشتی بە گوتەی گەواهیدەرەکان دەبەست، هیرۆدۆت و توسیدید و مێژوونووسە موسڵمانەکانی وەک تەبەریی و نووسەرانی (ژیاننامەی پەیامبەر)ی وەک (ئەبانی کوڕی عوسمان و عەروەی کوڕی زوبێر و...تاد)(اللطیف)، و هەواڵدەرەکانی سەدەکانی ناوەڕاستیش بەشێوەیەکی فراوان گێڕانەوەکانیان لەسەر گەواهیدەرە زارەکییەکان ڕاوەستابوو.

لە کۆتاییەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا نووسین بووە تاکە سەنەدی یادەوەری، ئەوەش بەهۆی گەشەکردنی کۆمەڵگە و بەڵگەنامەییە فیودالییەکان و دیوانە میرییەکان و دواتر داهێنانی چاپخانە و بڵاوبوونەوەی فێرکردنەوە بوو، ئیتر لێرەوە شوێنی گێرەرەوەکان لاواز بوو.

دەبێت لێرەدا دوو ماوە لەیەکدی جیا بکەینەوە. یەکەمیان لە سەدەی حەڤدەهەم کە توێژینەوەی بندکتی نوێ لەسەر بنەڕەتی ڕەخنەکردنی ئەفسانەی زارەکی پەیوەندیدار بە بنەڕەتی ڕۆماوە پێکهات، وەک ئەوەی تیتلیف گواستووییەتیەوە یان ئەوانەی کە نووسەری ژیاننامەی قەشەکان لەسەدەکانی ناوەڕاستدا بۆیان جێهێشتووین. بەڵام دووەمیان لەسەدەی نۆزدەدابوو، لێرەدا مێژوو کەڵەکەبوویی (توێژینەوەی ورد) ی لە خۆگرت، وەک زانستێکی ڕاوەستاو بەتەنها لەسەر بەڵگەنامەی نوسراو دیاریکرا. ئەمە لە کاتێکدا زارەکی بۆ ئەو کۆمەڵگایانە جێهێڵرا کە بەوە جیادەکرانەوە، نووسینیان نەبوو، واتە جیهانی دەرەوەی ئەوروپا و چینە میللییەکان و هاوکات بۆ ئەو پسپۆڕێتییانەش کە پایەیەکی نزمیان لەنێو زانستەکاندا هەبوو، لەوانەش ئەتنۆلۆجیا و لەویش نزمتر فۆلکلۆربوو. پلەمەندیی زانستەکانیش لە ڕوانگەی ئەو سەرچاوانەی کە پلەبەندی کۆمەڵ و کۆمەڵگەکانی دیاریدەکرد، دەرکەوتن(حبیدة،2011، 105).


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.6
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

ئەمە لەکاتێکدا یەکێک لە گرنگترین هۆکارەکانی دانانی (نووسراو) وەک بەڵگەنامە بۆ زیندو ڕاگرتنی یادەوەریی بووە، بەتایبەت دەستکەوت و سەروەرێتی پاشاکان(لوغوف،٢٠١٧، ١١٠).

تەنانەت لە مێژووی فەرەنسای سەدەی هەژدەهەمدا، چەندەها مێژوونوسی بەناوبانگ هەن، کە سودیکی زۆریان لە مێژووی زارەکی وەرگرتووە، مێژوونووسی شۆڕشگێڕە کالڤنییەکان (ئەنتوان کور) بەهۆی هەندێ لە هاوڕێ پرۆتستانتییەکانییەوە هەستا بە توێژینەوەیەکی گەورە لەو کەسانەی کە لە ڕاپەڕینی 1702 ڕزگاریان ببوو. هەروەها مێژوونووسی گەورەی فەرەنسی (میشیلیە) لە کتێبەکانیدا (مێژووی شۆڕشی فەرەنسی) و (گەل) و کەسانێکی تری وەک (جۆرج سۆند) بەتایبەتیش (باری دورفیلی) کە زاراوەی مێژووی زارەکی بەکارهێنا، بەڵام بەبێ ئەوەی ڕەوتێکی سەربەخۆ بەدیبهێنێت(حبيدة،٢٠١١، ١٠٥).

مێژووی زارەکی وەک کایەیەکی مێژوونووسی گرنگ لەگەڵ قوتابخانەی ئەمریکیدا دەستپێکرد، کە پێشەنگ بوو لە ئاشکراکردنی گرنگیی و سوودی ئەو مێژووەدا، ئەویش بە تیشکخستنەسەر چەندەها ناوچەی تاریکی ڕابردووی کۆمەڵگە و بونیادە کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و ڕۆشنبیرییەکانی.

توێژەران لەنێو ئەو قوتابخانەیەدا هەردوو (ڕەوتی شیکاگۆ) و (ڕەوتی کۆلۆمبیا) لە نیۆرک جیادەکەنەوە. لەبەرئەوەی یەکەمیان گرنگی بە مێژووی فەرامۆشکراوەکانی کۆمەڵگە دەدات و گەواهیدان و ئەزموونەکانیان کۆدەکاتەوە و مێژووەکەیان دەنووسێتەوە. بەڵام ڕەوتی دووەمیان گرنگی بە چینی دەسەڵاتدار و گەورەکان و خاوەن بڕیار و سەرمایەدارەکان دەدات، مەبەستییان تێگەیشتنە لەو ڕۆڵەی لە ڕەوت و بزووتنەوەی مێژوودا گێراویانە(حبيدة،٤٣).

ڕەوتی شیکاگۆ و ڕێبەرە سۆسیۆلۆجییەکانی (ولیام ئیسحاق توماس و فلۆریان فیتولد زنانیکی) باشی ئەوەیان بۆ دەگەڕێتەوە کە بناغەیان بۆ ئەو ڕەوتە مەعریفییە دانا کە قسەکردن و ژیانی تاکیان بەیەکەوە بەستەوە. بۆیە هەر زوو گرنگی ئەم میتۆدە بۆ مێژوونووسان دەرکەوت و لەسەری ڕۆشتن. هەر بەهەمان میتۆدی شیکاگۆ لە سییەکانی سەدەی بیستەمدا دەستییان بە توێژینەوەی ڕەشپێستەکان لە ئەمریکا کرد. ئەوە پرۆژەیەکی گەورە بوو، کە دەسەڵاتە فیدراڵییەکان سەرپەرشتییان کرد، توێژەران پشتییان بە وتەی ڕەشپێستە بەتەمەنەکان دەبەست و هەموو ئەو چیرۆکانەی کە لەیادەوەرییاندا مابوونەوە، کە نەوە بەدوای نەوە بۆ یەکترییان گێرابووەوە و پارستبوونیان(حبيدة،٤٤).

بەڵام ڕەوتی کۆلۆمبیا، کە گرنگی بە چینی باڵای کۆمەڵگە دەدا، لەگەڵ (ئالان نیفینس) دەرکەوت، کە لە ساڵی (1948) یەکەم مەڵبەندی مێژووی زارەکی لە زانکۆی کۆلۆمبیا لە نیویۆرک دامەزراند، کە توێژینەوەگەلێکی بەرچاوی بۆ بنەماڵەی بەناوبانگی ( روکفیلیر) تەرخان کرد، ئەمیش لەسەربەنی گێرانەوە زارەکییەکان بە پلەی یەکەم(حبيدة،٤٤).

لەساڵی (1970) دا لە لەندەن مۆزەخانەی گەواهیدانە زارەکییەکان دامەزرا، لە ساڵی (1973) گۆڤاری (مێژووی زارەکی Oral History) دەرچوو، ساڵی دواتریش کۆمەڵەی مێژووی زارەکی (Oral History Society) دامەزرا، لە ساڵی (1987) لە ئینگلتەرا (کۆمەڵەی مێژووی زارەکی) زیندوکرایەوە(مجموعة مؤلفين،٢٤٩،٢٠١٥).

**یادەوەریی کۆمەڵیی:**

ناتوانین باس لە مێژوو بەگشتی و مێژووی زارەکی بەتایبەتی بکەین ئەگەر باس لە یادەوەری نەکەین. بەلای پۆل ریکۆرەوە یادەوەری ڕاستەوخۆ بەرەو مێژوومان دەبات، لەبەرئەوەی مێژوو لە هەناوی ئەوەوە لەدایک دەبێت و ئەگەر ئەو نەبوایە ئەوا زانستێک بۆ نووسینەوەی مێژوو لەدایک نەدەبوو، لەبەرئەوە سەرچاوەی یەکەمی زانیارییەکانی مێژوونووس بریتییە لە گەواهیدان (الشهادة)، گەواهیی ئەوانەی ئامادەی ڕووداوەکان بوون و... تاد. واتە ئێمە لێرەدا لەبەردەم دیاردەیەکداین کە ڕاستەوخۆ بە یادەوەرییەوە بەستراوەتەوە، گەواهیدەر ئەوەی لە یادەوەریدایە، دەیگێڕێتەوە(ریکور، ٢٠٠٩، ١٦).

مێژوونووسی فەرەنسی (جاك لوگوف - J. Le Goff) دەڵێت ڕیشەی گریکی وشەی (Histoire) بریتییە لە (Istor) کە واتای (گەواهیدەر ـ شاهد) دەگەیەنێت، واتە بینەر (Uoy eur). ئەو چەمکە (بینین) وەك سەرچاوەیەکی بنەڕەتی زانین بەرەو ئەو بیرۆکەیەمان دەبات کە (Istor) (بینەر) ئەوەیە کە بە (Istorein) دەناسرێت، هەر ئەویشە بەدوای زانیندا دەگەڕێت. بەم شێوەیە Istori ئاشکراکردن و سەلماندنە، (Enguête) ئەوە واتای ئەو وشەیەیە کە هیرۆدۆت لە مێژووەکەیدا پێیوایە توێژینەوە و ئاشکراکردنە، کاتێکیش هیرۆدۆت کتێبەکەی لەژێر ناونیشانی (Histories of Herodotes) نووسی، یەکێک لە ئامانجە بنەڕەتییەکەی پاراستنی یادەوەری ڕابردوو بوو، لە ڕێگەی تۆمارکردنی ئەو دەستکەوتە سەرسوڕهێنەرانەی کە گریکەکان یاخود نەتەوە ئاسیاییە خۆرهەڵاتییەکان بەدەستیان هێنابوو(محمد، ٢٠١٥، ١٩).

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.6
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

یادەوەری کەسیی یادەوەریەکانی تاک لەخۆ دەگرێت، هەر لەو کارانەی کە ئەنجامی داون یان بینونی یان گوێبیستی بووە یان خوێندوویەتیەوە، هەموو ئەو رووداوانەش کە بەخۆشی یان ناخۆشی تێیدا ژیاوە، هاوڕێ لەگەڵ ئەم یادەوەریانەدا ئەو یادەوەریانەش لەخۆدەگرێت، کە لەگەڵ کەسانی تردا هاوبەشیی کردووە یان لەنێویاندا ژیاوە، لەتەواوی ئەوانەش یادەوەری کۆمەڵیی پێکدێت، لە ڕێگەیەوە کۆمەڵ ئێستای بە کرداری ڕابردووەکانییەوە بەستووەتەوە، ئەمەش بەشێوەیەی کە نەوە یەک بەدوا یەکداهاتووەکان ڕوداوەکانیان گێڕاوەتەوە و سەرلەنوێ بونیادیان ناوەتەوە(فرو،٢٠١٣، ٧٠).

هەریەک لە ئێمە لە خێزانێکدا گەورە دەبین، کە خاوەن گوتارێکی لێوانلێوە لە چەندین گێڕانەوە و چیرۆک گەلێک دەربارەی ڕابردووی کۆمەڵەکەی (خێزان، شوێن، نەتەوە،... تاد). یادەوەری تاکەکان لە ژێر کاریگەریی یادەوەری کۆمەڵیی شێوەی خۆی وەردەگرێت، یادەوەری کۆمەڵییش بەردەوام بە گەواهیدانی تاکەکانی کە بەڕاستی دادەنێت، فراوان و گەورە دەبێت.

ئەرکی توێژینەوە و نووسینی مێژوویش بریتییە لە پشتگیری یان راستاندن یان ڕەتکردنەوەی ئەو یادەوەرییە کۆمەڵییە(فرو.٢٠١٣،٧٠). بۆیە دەتوانین بڵێین ڕۆڵی یادەوەری بەرانبەر بە مێژوو بریتییە لە پاراستنی ڕوداوی مێژوویی لە لەناوچوون و شێواندن.

بەلای ریکۆرەوە یادەوەری کلیلی تێگەیشتنی مێژووە، هەر ئەویش بە مێژوو مانەوە دەبەستێتەوە، بەڵام ئەو جیاوازیی لەنێوان یادەوەری کەسیی و یادەوەری کۆمەڵییدا دەکات، پێیوایە یادەوەری کۆمەڵیی لە پێش یادەوەری کەسییەوەیە(قادر،٢٠١٦، ٢٦١).

لێرەدا دەبێت ئەو ڕاستییە بزانین، کە ڕابردوو مێژوو نییە، بەڵکو بابەتەکەیەتی، بەهەمان شێوەش یادەوەری مێژوو نییە، بەڵکو یەکێک لە بابەتەکانییەتی، بۆیە ئاستێکی سەرەتایی پەرەسەندنیی مێژووییە(لوغوف، ٢٠١٧، ٢٠٩). لەبەرئەوە مێژووی زارەکی دەتوانێت ئەوە ئاشکرابکات، کە چۆن بەها تاکیی و ڕووداوەکانی ڕابردوو پێکهاتوون و ئەوەش ڕوون دەکاتەوە، کە چۆن ڕابردوو بە بەها و ڕوداوەکانییەوە پشکداریی لە دروستکردنی ئێستادا دەکات(الليل،٢٤٦،٢٠١٤). بەمشێوەیە بەو ڕاستییە ئاشنادەبین کە یادەوەری کۆمەڵیی وەک ناوەکەی گوزارشتی لێدەکات، کۆمەڵییە و تاکیی نییە! بۆیە کاتێک لە میژوودا بابەتێکی تاکێتییانە زەق دەکرێتەوە و بابەتە کۆمەڵییەکان فەرامۆش دەکرێن، ئەوا بەدڵنیاییەوە شێواندن و تەسکبینی وەک دەرەنجامێک گەڵاڵەدەبن. دیارە ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەو داکوتە (واقع)یە کە تێیدا تاکەکان دەسەڵات و هەژموونی خۆیان بەسەر کۆمەڵدا دەسەپێنن و سەرکوتیان دەکەن و دواتر دەیانخەنە پەراوێزەوە. هەر لێرەوەیە مێژووی (تاک، ڕوداو، سیاسەت) کە مێژووی نووسراو گوزارشتی لێدەکات، لەدایک دەبێت.

**پەراوێزخراوەکان**

**چەمکی پەراوێزخراوەکان**

واتای بنەڕەتی وشەی پەراوێز ئەو ڕووبەرە بەتاڵەیە کە لە خوارووی دەقی نێو کتێبێکدایە، پێش ساڵی (1970) کەسە پەراوێزخراوەکان لەبەرانبەر (نووسینی پەراوێزەکان) بەکارهێنران، کە مەبەست لێی گەڕانەوە بۆ دۆخێکی لاوەکیی و لاواز بوو، واتە پەراوێزی مەجازی کۆمەڵگە. بەکارهێنانی ئەو وشەیە دەشێت بەدیاریکراویی بۆ ساڵی (1968) بگەڕێتەوە، کاتێک وتارێک لە ڕۆژنامەی لۆس ئەنجلوس تایمز و بەدیاریکراوی لە بیستی حوزەیرانی ئەو ساڵەدا بڵاوکرایەوە و تێیدا هاتبوو:" دوورخستنەوەی کۆیلەکان تەواوبوو و وەلانران و پەراوێزخران...( marginalize, (https://www.merriam).

ریشە لاتینییەکەی (Margo) یە، کە واتای کەنار یان سنووری گەیاندووە، لە کۆتایی بیستەکانی سەدەی بیستەمدا پەراوێزخستن بەواتا حەرفییەکەی بەکارنەهات، بەڵکو بە واتای دۆخێکی داماو (عجز) یی دەرەوەی کۆمەڵگە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەکاردەهات (marginalize, (https://www.vocabulary).

هاوکات بەواتی مامەڵە کردن لەگەڵ کەسێکدا یان شتانێکدا وەک ئەوەی گرنگ نەبن، بەکارهاتووە( marginalize, (https://dictionary).

پەراوێزخراویی (marginalize) لە فەرهەنگی زمانی ئینگلیزیدا بەواتای گرنگ نەبوون، بچوک، خوارەوە، لاوەکی،...تاد دێت(marginal, (https://www.collinsdictionary). پەراوێز یان پەراوێز خراوەکان یان پەراوێزیی ئەو چەمکانەن کە ڕێبەرانی مێژووی تازە بۆ وەسفکردنی ئەو توێژ و چینە کۆمەڵایەتییانە بەکاریان هێناون، کە فەرامۆش و بێبەشکراون. ئەگەر


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.6
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

کۆمەڵە کاسانێک بە (پەراوێزیی) وەسفکران، ئەوە مەبەست لەوەیە کە ئەوان بەشداریی ڕووداوەکان یان گۆڕانکارییە سەرەکییەکانی کۆمەڵگە نیین، لەبەرئەوەی هەژارن یان بێتوانان(.marginal, (https://www.collinsdictionary).

بەشێوەیەکی گشتی وشەی (پەراوێزیی) یەکەم ئەو بزووتنەوە نارەزایەتییە بەهێزەی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکامان یاد دەخاتەوە و دواتر ئەورووپای ڕۆژئاوا کە بەها ژیارییە مەسیحی و جولەکایەتییەکانی لەجیهانی سەرمایەدارییدا هێنایە لەرزین، بەشێوەیەکی فراوانیش کۆمەڵگە پیشەسازییە بیرۆکراتییەکان، بۆیە چەندەها کۆمەڵی جیاوازی پەراوێزخراوەکانی وەک (بیتینکس) و (هیبیز) و (بەرگریکاران لە سروشت) و... تاد دەرکەوتن(ساسیوی).

**ئاڵنگارییەکی نوێ**

ماوەیەکی درێژ (مەڵبەند) ئەو سەربەنە بوو، کەمێژووی لێوە تۆمار دەکرا، واتە پێش هەموو شتێك مێژوو کارێکی بیانوو هێنانەوە بوو، بۆ ئەو پەرەسەندنەی کە بیروباوەڕ یاخود ژیریی یاخود دەسەڵاتی پاشایەتی یا بۆرجوازیی بەخۆوەی بینی. لەبەرئەوەی وا دەردەکەوێت، بەتەنها ئەو (ڕۆڵ)انەی کە دەستەبژێری دەسەڵات و سامان، یاخود ڕۆشنبیریی دەیگێڕا، بەهەند وەردەگیرا. هەربۆیە مێژووی گەلان لە مێژووی بنەماڵە فەرمانڕەواکان و مێژووی ئاینیی لە مێژووی کڵێسە و پیاوەکانیدا کورتدەکرایەوە(شمیت،۲۰۰۷، ٤۳۷). بەڵام ئایا دەکرێت، ئەو مێژووە بە مێژوویەکی (بنەڕەتی) یاخود (تەواو) دابنرێت؟

هەر زوو مێژوونووسانی ئانالزی فەرەنسی لەجیاتی گرنگیدان بە (مەڵبەند) و ئەو مێژووەی لەو سەربەنەوە دەنووسرایەوە، هەر لە سیاسەت و سیاسەتمەداران، کۆشك و پادشاکان، جەنگ و پەیوەندییە دیبلۆماسییەکان، لە میانەی توێژینەوەی سەرچاوە (وازلێهێنراوەکان)ەوە گرنگی بە (پەراوێزخراو) و (فەرامۆشکراوەکان) دا.

(مێژووی شێتەکان) و (مێژووی شوانەکان) و (مێژووی دز و سۆزانییەکان) کە پێشتر بە بابەتگەلێکی (سوك) تەماشادەکران، لای ئانالز بوونە بابەتگەلێکی بنەڕەتی توێژینەوە مێژووییەکان. هاوکات گرنگیدان بەو توێژ و کۆمەڵانەی کە لە کۆمەڵگا ئەورووپییەکاندا بەچاوی سوك و نەفرەتەوە لێیاندەڕوانرا، وەك جادوگەر و جولەکەکان و..تاد. بۆیە توێژینەوە نوێیەکان لە میانەی قەڵا و کۆشك و تەلار و نەخش و نیگارەکانەوە گرنگی بە شارەکان نەدەدا، بەڵکو بوونە میوانی ماڵە پەراوێزخراو و هەژارەکان و شتومەك و شێوازی ژیانیان(لوغوف،۱۲،۲۰۱۷-۱۳). واتە بەلای ئەوانەوە دەبێت سەرچاوەگەلێکی بەرفراوان بۆ نوێکردنەوەی مێژوو بەکاربهێنرێت، بەشێوەیەك گرنگی بە ژیانی ئاسایی خەڵکی بدرێت و بنەڕەتەکانی ژیانی ڕۆژانە بخرێنەڕوو(Kruger،١٤).

ئەو مێژوونووسانە بونیاد و ئەزموونی خەڵکانی ئاساییان بە رەگەزگەلێکی بنەڕەتی پێکهاتنی مێژوویی دادەنا(Little‘۲۰،۲۰۱۰).

(فیفەرو بلۆخ) ڕقێکی زۆریان لە مێژووی سیاسی بوو، بەتایبەت لە شێوە دیبلۆماسییەکەیدا، بەلای ئەوانەوە (مێژووی سیاسی) هاوکات (مێژووی ڕووداو) بریتین لەو ڕووەی کە ڕۆڵە ڕاستەقینەکانی مێژوو لە پشتی خۆیەوە دەشارێتەوە، کە ڕووداوەکانی لەپشت پەردە و ژوورە تاریکەکاندا ڕوودەدەن(لوغوف.۲۰۱۷، ۸٦). (فیفەر) لە ساڵی (1931) لە وتارێکیدا دەربارەی کتێبی (مێژووی دیبلۆماسی ئەورووپا1871-1914) کە لەلایەن چەند مێژوونووسێکی لێهاتوو و بە سەرپەرشتی (هێنری هاوزەر) لە ساڵی (1929) بڵاوکرایەوە، دەپرسێت:" مێژوو یاخود سیاسەت؟". ئەو لەوێدا دژ بەو جۆرە ڕاڤەکردنە دەوەستێتەوە، کە "هۆکارە قوڵ و ڕاستەقینە جۆراوجۆرەکان و بزوتنەوە جەماوەرییە گەورەکان بۆ هزر و کردار و ئارەزووی کەسە بەناوبانگەکان، یاخود گەمە دیبلۆماسییە کێبەرکێکان دەگێڕنەوە"، بەلای ئەوەوە هۆکارە ڕاستەقینەییەکان:" هەندێکیان جوگرافین و هەندێکی تریان ئابووری و هەشیانە کۆمەڵایەتییە، هەروەها هەندێکیان هزریی و ئایینی و دەروونین. تەنانەت خودی ڕووداوە سیاسییەکان لە کرۆکدا ڕیشەی ناسیاسییان هەیە(Febvre،۱۹۹۲، ۷۹).

کاتێک ڕێ بە خەڵکی نادرێت لەناو کۆمەڵگەدا شوێنێکیان هەبێت و دەخرێنە کەنارەوە. یان کاتێک کۆمەڵگە کەسانێکی دیاریکراو پۆلێندەکەن، کە لە دەرەوەی پێوەرەکانی ئەون یان نامۆ یان مەترسیدار یان بێسوود، ئەوا بە پەراوێزخستنی ئەو مرۆڤانە هەستاوە. تەنانەت زۆر جار دانیشتووانە ڕەسەنەکە دەخرێنە ئەو خانەیەوە و پەراوێز دەخرێن، بەهەمان شێوەش هەژار و خاوەن پێداویستی تایبەت و پیرەکان و... تاد کە هەندێکجار لە گۆشەیەکەوە تەماشایان دەکرێت، وەک ئەوەی ئەوان بێکەڵک و زیادە بن(.marginalize, (https://www.vocabulary.

**مێژوویەکی بەرهەڵستکار**

وەک کاردانەوەیەک بۆ ئەو پەراویزخستنە، لەسەر ئاستی میتود مێژووی زارەکی سنووری بەرتەسکی بەڵگەنامە فەرمییەکانی پەیوەست بە سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و فەرمانڕەواکان و... تاد تێپەڕاند، واتە چووە ناو جیهانێکی نوێی سەرچاوەوە

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.6
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

کە پێشتر لە مێژوونووسیی نەریتییدا، هیچ بەهایەکی زانستی بۆ دانەنرابوو! لێرەوە یادەوەری مرۆڤە ئاساییەکان و گەواهیدانەکانییان بوونە سەرچاوەیەکی بنەڕەتی مێژوو! بەڵام دیارە مێژووی تاکێکی دیاریکراو یان ڕێکخراوێکی فەرمی یان دەوڵەتێک یان... تاد نا! بەڵکو مێژووی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی! واتە مێژووی خێزانیی و کارکردن و خۆراک و جلوبەرگ و... تاد.

لەم سەربەنەوە (مێژووی زارەکی) دژ بە جیهانبینییەکانی (مێژووی نووسراو)ە، کە تێڕوانینێکە لەسەرەوە، واتە ئەو مێژووەی گرنگی بە تەواوی توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە نادات، ئەمە لەکاتێکدا مێژوونووسە زارەکییەکان گرنگی بەو مێژووە دەدەن کە لە (خوارەوە) دروستدەبێت، واتا گرنگی بە مێژووی تێڕوانینی مرۆڤە ئاساییەکان و ئەزموونەکانیان دەدەن. ئەم جۆرەش لە نووسین تیشك دەخاتە سەر ڕووداوەکان و وردەکارییەکانی ژیانی کۆمەڵگە و گرنگی بەرۆشنبیری و کەسایەتییەکان دەدا، بەوپێیەی بونەوەرگەلێکی چالاکن. ئەگەر (ژیانی ڕۆژانە) لەڕابردوودا وەك بابەتێکی بێ بەها تەماشا کرابێت، ئەوا لەلایەن مێژوونووسانی ئێستاوە- تەواو بەپێچەوانەوە- وەك مێژوویەکی ڕاستەقینە هەژمار دەکرێت(محمد، ٢٠٢١، ٧٨).

(مێژووی زارەکی) وەك کاردانەوەیەکی بەهێز دژ بە ئەو گفتوگۆ و ڕەفتارانە هاتە ئاراوە کە دەربارەی (واتای مێژوو) لە نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردوو ئەوروپا بەخۆیەوە بینی، بۆیە ئەم ڕەوتە زیندوێتی و چالاکی بۆ توێژینەوەی مێژوویی گەڕاندەوە، ئەویش لەمیانەی تەرکیزکردن لەسەر (تاکەکان) و توێژەکانی خوارەوە، ئەمە لەکاتێکدا گوتاری مێژوویی تا ئەوکاتەش گرنگی بەکەسایەتیە مەزن و پیاوگەورەکان و دامەزراوە بەناوبانگەکان دەدا.

لەڕوانگەی ئەم ئاراستەیەوە چوارچێوەی شوێن بریتیبوو لە چوارچێوەیەکی تەسکی ناوخۆیی وەك (گوند، گەڕەك، کۆڵان...تاد) و باوەڕیشیان وابوو، هەموو ئەوانەی لەسەرەوە (دامەزراوەکان، تیۆرییەکان..تاد) ئاستەنگ لەبەردەم تێگەشتنی هەموو ئەوانەدا دروست دەکات، کە لە جیهانی خوارەوەدا دەگوزەرێت، واتە جیهانی خەڵکی گشتی. خاڵی جەوهەری لەم مێژووەدا بریتییە: لە ژیان و هێشتنەوەی ئەو مرۆڤانەی کە بەدرێژای مێژوو بە نەناسراوی ماونەتەوە!(محمد، ٢٠٢١، ٧٩).
لەم سەربەنەوە هەندێک مێژووی زارەکی بە ئامرازێک دادەنێن بۆ گۆڕینی بنەڕەتیی لە (ڕۆڵ) و (واتا) ی مێژوودا، بە مێژوویەکی دژی دادەنێن، بە واتایەکی تر مێژوویەکی توندی هەڵچووە، کە (زارەکی) کردووەتە بەرهەڵستکاری (نووسراو)( مجموعة مؤلفين، ٢٠١٥، ٢٥١).

(پول تومبسون) دەڵێت:" ئەو ئەرکەی کە مێژووی زارەکی دەیەوێت ئەنجامی بدات، بریتییە لە بەدیموکراتیکردنی مێژوو، لە میانەی گەڕاندنەوەی بۆ گەل("مجموعة مؤلفين،٢٤٨). واتە ئەم مێژووە لە بنەڕەتدا دیموکراتییە، ئەگەر مێژووی نووسراو گوزارشتکردن بێت لە ژیان و دەستکەوت و پاڵەوانێتی پاشا و سەرکردەکان، ئەوا مێژووی زارەکی مێژوویەکی کۆمەڵایەتییە، بەو واتایەی خەڵکی خۆیان دوانگەیەکیان بۆ گوزارشتکردن دەبێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئەم مێژووە مێژووی چینە بێدەنگەکانی کۆمەڵگەیە.

هەر ئەم سەربەنەبوو، کە (هوارد زن) لە مێژووەکەیدا (مێژووی گەلی ئەمریکا) بڵێت:" من پێم باشترە.. باس لە چیرۆکی دۆزینەوەی ئەمریکا بکەم وەک چۆن هندییەکانی ئەراواک بینییان، هەروەها لە دیدی کۆیلەکانەوە قسە لەسەر دەستوور بکەم، هاوکات لە چاوی هندییە شیرۆکییەکانەوە دەربارەی ئاندرۆ جاکسۆن بدوێم، هەروەها لە ڕوانگەی ئەو ئێرلەندییانەی کە لە نیویۆرک نیشتەجێبووبوون، لە جەنگی ناوخۆ ڕابمێنم، هاوکات پێمباشترە لە ڕوانگەی سوپا هەڵاتووەکەی سکۆتەوە باس لە جەنگی مەکسیکیی بکەم، دەربارەی گەشەکردنی پیشەسازییش لەچاوی ئەو کرێکارە ژنانەوە ببینین کە لە کارگەکانی (لویل)ی ڕستن و چنیندا کاریان دەکرد.. ئەوەش بەو ئەندازەیەی هەر کەسێک مێژوو لە چاوی (ئەویتر)ەوە ببینێت(الليل،٢٠١٤، ٢٧٦).
ئەم گۆڕانە لە مێژووی تاکە گەورەکانەوە بۆ مێژووی بێدەنگ و فەرامۆشکراوەکانی مێژوو، بە خاڵێکی گرنگ لە مێژووی زانستی مێژوودا دادەنرێت. وەک (جیمی شارب دەڵێت:" توێژینەوەی مێژوو لە دیدی دروستکەرە ڕاستەقینەکانی مێژوو، واتە لە زۆرینەی خەڵک و مرۆڤە سادەکان، نەک سەرکردەکان، کرێکار و جوتیارەکان نەک فەرمانڕەوا و سەرۆک و پاشاکان(الليل،٢٠١٤، ٢٧٧).

هاوکات مێژووی زارەکی وەک ئامانجەکانی لە شەستەکانی سەدەی بیستەمدا خەملی، مێژوویەکی خەباتگێرە ( Une Histoire Mililante) و بە پێچەوانەی مێژووی کلاسیکەوە هاتووە، بەڵام ئەم گرنگیپێدانەکانی خۆی لەسەر فەرامۆشکراوەکانی مێژووی نووسراو چڕ دەکاتەوە. لەبەر ئەوەی ئەم مێژووە گرنگی بە توێژەکانی جوتیاران و پیشەگەران و بێکاران و ژنان و دەرچوان لە یاسا و هەموو ئەوانەی بە هەر هۆکارێک بێت، پەراوێز دەخرێن، تەنانەت لە ئەمڕۆشدا گرنگی بە کەمینە نەتەوەیی و نەژادیی و


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.6
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ئاینیی و سیاسییەکان دەدات و دیدی خۆی لەسەر قوربانییانی جەنگە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان و توندوتیژیی حکومەتە جیاوازەکان چڕدەکاتەوە، واتە بەشێوەیەکی گشتی توندوتیژیی کۆمەڵایەتیی و دامەزراوەیی(مجموعة مؤلفين،٢٥١).

**تەواوکاریی نەک دابڕان**

سەرەڕای تەواوی ئەو دژایەتییانەی کە هەندێک لە مێژوونووسان لەنێوان ئەم دوو جۆرەی مێژوودا دەیخەنەڕوو، بەڵام گەر بە قوڵی لێیان ڕابمێنین، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت، تەواوکاریی نەک دابڕانی نێوانیان مێژوو تەواوتر دەکات. پێشتر بینیمان مێژووی نووسراو چ زیانێکی بەخۆی گەیاند، کاتێک بەهای زانستی بۆ گەواهیدانە زارەکییەکان دانەنا و تەنها بەڵگەنامەی کردە مەرجی زانستیبوونی میژوو! لە بەرانبەریشەوە مێژووی زارەکی چ کەلێنێکی زانستی گەورە لە خۆیدا دروست دەکات، ئەگەر بەڵگەنامە بخاتە دەرەوەی کایە زانستییەکەی خۆیەوە.

لەم سەربەنەوە ئەگەر گەواهیدانە زارەکییەکان ڕاستیی بن، ئەوا هێشتا بەتەواوی ناتوانن ڕابردوو بنوێنن، لەبەرئەوەی ڕاستی مێژوویی شتانێکی زیاتر لە تەواوی ئەزموونە کەسیی و تاکێتییەکان لەخۆدەگرن. ئەمە لەکاتێکدا یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانی مێژوونووس تێگەیشتنێکی تەواوی ڕاستییەکانی ڕابردووە، بۆ پەیبردن بەو ڕاستییانەش دەبێت لەو بارودۆخە تێبگات، کە لە دەرەوەی کەسی گەواهیدەرەکەوەیە. چونکە ئەو ئەگەر لەناویشیدا بووبێت، ئەوا نەیتوانیوە پەی بەتەواوی لایەنە جیاوازەکانی دۆخەکە ببات، چونکە خۆی لەناویدا بووە و کەسێک نەبووە لەدەرەوە ڕابمێنێت و پەی بەتەواوی بوارە جیاوازەکان ببات. ئەمە سەرەڕای ئەوەی دەشێت تێپەڕبوونی تەمەن و لایەنە دەروونییەکەیی و هەژموون و دەسەڵاتی سیاسی و ڕاگەیاندن ڕۆڵی لە شێواندن یان گۆڕینی ئاراستەکانی بیرکردنەوەی کەسە گەواهیدەرەکە گێرابێت(توش،١٩٩٤، ٣٠٨).

لەم ڕوانگەوە ئەگەر بمانەوێت پەی بە گرنگیی تەواوی گەواهیدانێکی زارەکی ببەین، ئەوا دەبێت هەڵسەنگاندن و بەراوردکردن و چاوپێکەوتن لەگەڵ هەموو ئەو سەرچاوانەی پەیوەندیدارن بە شوێن و خەڵک و بابەتی توێژینەوەکەوە ئەنجام بدەین، ئەگەر وانەکەین، ئەوا زۆرینەی وردەکارییەکان سودێک ناگەیەنن(توش، ١٩٩٤، ٣١٠).

بەمشێوەیە سەرچاوە (نووسراو) و (زارەکی)یەکان لە هەموو شوێنێکی توێژینەوەدا دەتوانن کارلێک بکەن، بۆنموونە ئاشکراکردنی بەڵگەنامەیەک پاڵ بە مێژوونووسەوە دەنێت، کە چەندەها پرسیاری جیاواز لەو خەڵکانە بکات، کە پێشتر چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کراوە، لێرەدا گەواهیدانە زارەکییەکان تیشکی نوێ دەخەنەسەر بەڵگەنامەکان. بە پێچەوانەشەوە (بەڵگەنامە) و (مێژووی نووسراو) مێژووی زارەکی بە واقیعە بابەتییەکان پشت ئەستورتر و بابەتییتر دەکەن.

**ئەنجام:**

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا چەند ئەنجامێکمان لا گەڵاڵەبوو، کە لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەیانخەینەڕوو:

1. مێژوونووسی لە دەستپێکیدا پشتی بە گەواهیدەرەکان دەبەست و بەشێوەیەکی زارەکیی یادەوەرییەکانیان دەگواستەوە و تەنانەت بەشی شێری داهێنانی نووسینی مێژوویش بۆ زیندوڕاگرتنی یادەوەریی و دەستکەوتەکان بوو.
2. کاتێک بەڵگەنامەی نووسراو بووە پێوەری یەکلاکردنەوەی زانستیبوونی مێژوو، ئەوا مێژووی زارەکی بەهایەک زانستی بۆ نەهێڵرا و فەرامۆشکرا.
3. مێژووی زارەکی وەک قوتابخانەیەکی مەعریفی لە چلەکانی سەدەی بیستەمدا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە دوو ڕەوتی جیاوازی (شیکاگۆ) و (کۆلۆمبیا) دەرکەوت.
4. لەسەر ئاستی میتۆد مێژووی زارەکی سنووری بەرتەسکی بەڵگەنامە فەرمییەکانی پەیوەست بە سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و فەرمانڕەواکان و... تاد تێدەپەڕێنێت، واتە دەچێتە نێو جیهانێکی نوێی سەرچاوەوە کە پێشتر لە مێژوونووسیی نەریتییدا، هیچ بەهایەکی زانستی بۆ دانەنراوە! لێرەوە یادەوەری مرۆڤە ئاساییەکان و گەواهیدانەکانیان دەبنە سەرچاوەیەکی بنەڕەتی مێژوو! بەڵام دیارە مێژووی تاکێکی دیاریکراو یان ڕێکخراوێکی فەرمی یان دەوڵەتێک یان... تاد نا! بەڵکو مێژووی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی! واتە مێژووی خێزانیی و کارکردن و خۆراک و جلوبەرگ و... تاد واتە مێژووی ژیانی کرداریی.
5. مێژووی زارەکی مێژوویەکی بەرهەڵستکار و دژ بوو، هەوڵی گۆڕینی بنەڕەتیی (ڕۆڵ) و (واتا) ی مێژوویدا، واتە مێژوویەکی توندی هەڵچوو بوو، کە (زارەکی) کردووەتە بەرهەڵستکاری (نووسراو).
6. ئەو ئەرکەی کە مێژووی زارەکی دەیەوێت ئەنجامی بدات، بریتییە لە بەدیموکراتیکردنی مێژوو، لە میانەی گەڕاندنەوەی بۆ گەل، واتە ئەم مێژووە لە بنەڕەتدا دیموکراتییە، ئەگەر مێژووی نووسراو گوزارشتکردن بێت لە ژیان و دەستکەوت و پاڵەوانێتی

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.6
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

پاشا و سەرکردەکان، ئەوا مێژووی زارەکی مێژوویەکی کۆمەڵایەتییە، بەو واتایەی خەڵکی خۆیان دوانگەیەکیان بۆ گوزارشتکردن دەبێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئەم مێژووە مێژووی چینە بێدەنگەکانی کۆمەڵگەیە.

7. مێژووی نووسراو و مێژووی زارەکی پێکەوە دەتوانن ڕاستییە مێژووییەکان ئاشکرابکەن و بەبێ یەکتری کێشەی گەورە بۆ (میتۆد) و (زانین) ی مێژوویی دروست دەکەن.

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم: پەرتوک

#### بە زمانی کوردی:

1. محمد. کامەران،(٢٠١٥)، لە نێوان مرۆڤ و شوێن و کاتدا دیمانەیەک بۆ تێگەشتنی مێژوو، چاپی یەکەم، سلێمانی.
2. محەمەد، کامەران،(٢٠٢١)، کوردناسی و مێژووی ژیانی ڕۆژانە، چاپی یەکەم، سلێمانی.
3. بەزمانی عەرەبی:
4. العروی، عبدالله، مفهوم التاريخ، المركز الثقافى العربى، بيروت، لبنان.
5. توش، جون، (١٩٩٤)، المنهج فى دراسة التاريخ (اتجاهات و منهجيات و اهداف جديدة فى دراسة التاريخ الحديث)، ت. ميلاد المقرحى، جامعة قاريونس، الطبعة الاولى، بنغازى.
6. حبيدة،محمد،٢٠١١، من اجل تاريخ اشكالى (ترجمات مختارة)، الطبعة الاولى، القنيطرة- المغرب.
7. حبيدة، محمد، كتابة التاريخ قراءات و تأويلات، دار ابى رقراق، الطبعة الاولى، المغرب، ٢٠١٣.
8. ريكور، بول، ٢٠٠٩، الذاكرة، التاريخ، النسيان، الطبعة الاولى، ترجمة. جورج زيناتى، دار الكتاب الجديدة المتحدة، بيروت.
9. شميت، ت، جان كلود، (٢٠٠٧)، تاريخ الهامشيين، ضمن كتاب، جاك لوغوف: التاريخ الجديد.
10. فرو، قيس ماضى،(٢٠١٣)، المعرفة التاريخية فى الغرب مقاربات فلسفية وعلمية وأدبية، الطبعة الاولى، المركز العربى للأبحاث ودراسة السياسات، بيروت.
11. لوغوف، جاك(٢٠١٧)، التاريخ و الذاكرة، ت. جمال شحيد، الطبعة الاولى، المركز العربى للأبحاث و دراسة السياسات، بيروت.

#### بەزمانی ئینگلیزی:

1. Kruger، Daniel Jacobus، The sea peoples and annales: a contextual study of the late bronze age, submitted in partial fulfillment of the requirements for the degree of Master of arts biblical archaeology at the university of south Africa.
2. Little ,Daniel, (2010),New contributions to the philosophy of history, Springer, U. S. A.

#### بەزمانی فەرەنسی:

1. Febvre,Lucien, (1992), Combats pour l’Histoire, Librairie Armand Colin, Paris.

### دووەم: گۆفارەکان

#### بەزمانی عەرەبی:

1. الليل، خالد ابو،٢٠١٤، التاريخ الشفاهى الأصول النظرية الغربية و التجليات العربية، عالم الفكر، العدد 2، المجلد 43، الكويت، اكتوبر – ديسمبر.
2. قادر، كامەران محمد،٢٠١٦، بول ريكور و ابستيمولوجيا التاريخ، اداب الفراهيدى، جامعة تكريت، العدد 26، حزيران.
3. مجموعة مؤلفين، ٢٠١٥، التاريخ الشفوى (مقاربات فى الحقل الاجتماعى- الأنثروبولوجى)، المجلد الثانى، الطبعة الاولى، المركز العربى للأبحاث ودراسة السياسات، بيروت.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.6
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**چوارەم: سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان**

**بەزمانی عەرەبی:**

1. اللطيف، عبد الشافى محمد عبد،أوائل المؤلفين في السيرة النبوية، (https://al-maktaba.org/book/22678/15).
2. السبتى، عبد الأحد، التاريخ والثقافة الشفوية،(2015/10/8)، (https://ribatalkoutoub.com/?p=1115).
3. علقم، نبيل، قراءة نقدية لتعاملنا مع التاريخ الشفوى، (2012/10/25)، (http://nabeelalkam.com/new/news.php?action=view&id=86).
4. اسيوى، الحاج، المركز والهامشيون الجدد، (المركز-والهامشيون-الجدد.448537.amp/html. https://www.hespress.com/).

**- بەزمانی ئینگلیزی:**

1. 21) marginalize, (https://www.merriam‹webster.com/dictionary/marginalize)
2. 22)marginalize, (https://www.vocabulary.com/dictionary/marginalize).
   23)marginalize,(https://dictionary.cambridge.org/dictionary/english/marginalize).
3. 24) marginal(https://www.collinsdictionary.com/dictionary/english/marginal).

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.6

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)